پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر
IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-hawler
ژمارە :
بەروار : 2014/8/17
No:
Date:

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق

ب/ پرۆژە بڕیار جینۆسایدی شەنگال

سڵاوو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە لەخوارەوە واژوومان کردووە داواکارین بەزووترین کات پرۆژەی بڕیاری ( جینۆسایدی شەنگال‌و دەوروبەری) بخرێتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| | سالار محمود مراد | |
| | صالح فەقێ محمد | |
| | خەلەف ئەحمود قادر | |
| | قادر وەتمان | |
| | مریم صمد | |
| | تەلار لەتیف | |
| | د. عزت صابر | |
| | دلێر مستەفا | |
| | گەشە دارا | |
| | د. ڕێواس فاقەق | |

| | | |
|---|---|---|
| | سەعید محمد | ١١ |
| | ئاواز جەنگی | ١٢ |
| | زانا عبدالرحمن | ١٣ |
| | فەرهاد سەنگاوی | ١٤ |
| | سەرکەوت سەرحەد | ١٥ |
| | عباس فتاح صالح | ١٦ |
| | محمود حاجی عمر | ١٧ |
| | ئەختار ابراهیم حسین | ١٨ |
| | شێرکۆ حەمە شێخ قادر | ١٩ |
| | زولفا محمود عبدالله | ٢٠ |
| | ماجد بازرگان | ٢١ |
| | محمد سعدالدین گیلانی | ٢٢ |
| | پەرواس شیبان | ٢٣ |
| | سۆران عومەر | ٢٤ |
| | سرود سلیم حمد | ٢٥ |
| | علی محمد صالح | ٢٦ |
| Ali | علی علی هالو | ٢٧ |
| دەنگ ئەدەم بە پرۆژەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بێت | دلشاد شعبان عقار | ٢٨ |
| دەبێت بە هەماهەنگی | شێرکۆ جودت مصطفی | ٢٩ |
| بێت لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان | ڕێزا محمود شاه | ٣٠ |
| | صالح ... ئاغا | ٣١ |
| | محمد علی یاسین | ٣٢ |
| | نجیبة لطیف احمد | ٣٣ |

٣٤- هدیة ایوب احمد

٣٥ شکریە اسماعیل

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | انس محمد شريف طاهر | |
| ٢٦ | فيروز طه عبدالخالق | |
| ٢٧ | بەروا علي | |
| ٣٨ | د. شوان قادر زرار | |
| ٣٩ | كەژال حمارك خضر | |
| ٤٠ | د. ا. ابراهيم احمد سمو | |
| ٤١ | بێستون خاتمة | |
| ٤٢ | أيوب عبدالله | |
| ٤٣ | زولفا محمود عبدالله | |
| ٤٤ | وحيدة ياسين | |
| ٤٥ | عمر عثمان محمد حسين | |
| ٤٦ | منيرة عثمان [illegible] | |
| ٤٧ | ئارەمان قادر فتاح | |
| ٤٨ | ع. حسن عزالدين | |
| ٤٩ | رێزان محمد عثمان | |
| ٥٠ | فينا بليا مشو | |
| ٥١ | ايدن معروف | |
| ٥٢ | بەهار عبدالرحمن محمد | |
| ٥٣ | عادل عزيز شكر | |
| ٥٤ | عمر صالح گوهر | |
| ٥٥ | د. جوان اسماعيل عزيز | |

٥٦ - هێڤيا حاجي سيد خال

## پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی (شەنگال)و دەوروبەری

**یەکەم:** ئەو تاوانانەی دەرهەق بەخەڵکی سڤیلی گەلەکەمان لە کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراون لە شەنگال و دەوروبەری لەلایەن گروپی تیرۆریستی (داعش) دەوڵەتی بەناو ئیسلامی لەعیراق و شام تاوانی (جینۆساید)ەو مەبەست لێی لەناوبردنی جەستەیی و بیۆلۆژیی و کەلتووریی و ئابووریی کوردانی ئێزیدی بووە.

**دووەم:** سەرجەم قوربانیانی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری بەشەهید دادەنرێن بەپێی بڕگە (ب، ج) لە خاڵی (5) و خاڵی (6) لە مادەی یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید ژمارە(9) ی ساڵی 2007 و مامەڵەیان بۆ دەکرێت.

**سێیەم :** کەسوکاری شەهیدو قوربانیانی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری سودمەند دەبن لە سەرجەم ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدا هاتووە.

**چوارەم:** ڕۆژی 8/3 ی هەموو ساڵێك دیاریدەکرێت بەڕۆژی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری و کۆمەڵکوژیی خەڵکی سڤیلی کوردانی ئێزیدی و یادی قوربانیەکان دەکرێتەوە.

**پێنجەم:** لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە هەموو ڕێوشوێنە دەستوریی و یاساییەکان بگرێتە بەر بۆ جولاندنی ئەم بابەتە لای کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەتایبەتیش لای نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی تر بەتایبەت یەکێتی ئەوروپاو پەرلەمانی ئەوروپی و جامیعەی عەرەبی و یەکێتی پەرلەمانەکانی جیهان و کۆنگرەی ئیسلامی و تواناکانی بەگەر بخات تاوەکو ئەم لایەنانە کەناوەندی بڕیاری نێودەوڵەتین بەفەرمی تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی مەدەنی لەکوردانی ئێزیدی دەناسێنن وەك تاوانی جینۆساید.

**شەشەم:** داوا بکرێت ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و حکومەتی ئیتحادی عیراق بەفەرمی کۆمەڵکوژیی و جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری بچەسپێنن و لەناوەندە نێودەوڵەتیەکان کار بۆ ناساندنی بکەن. بەتایبەتی لەنەتەوە یەگرتوەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تری وەك یەکێتی ئەوروپاو پەرلەمانی ئەوروپی و یەکێتی پەرلەماناتی جیهان و کۆمکاریی عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی جیهانی.